# حاجیلە

دەزگای رۆشنبیریی شەفەق - کەرکووک
بۆ تەمەنی ٩ تا ١٤ ساڵ
ئادار ٢٠١١
٩

گوڵـی حاجیـلەکانی دەشـــتی هامـــوون
نەکەی بیدەی بە نێرگیز جاری گەردوون
**حاجی قادری کۆیی**



چڵێ نێرگز کەوتووەتە نێو رووپەرەکانی ئەم گۆوارەوە ، ئەگەر دۆزیتەوە ،سەرجەم ژمارەکانی ساڵێکی گۆوارەکەمانت بەدیاری بۆ دێت .



## بێچووی ئاژەڵان

مـن ئاژەڵێکی لێهاتووم لە بازدان و هەڵگژان بە دار و دیواردا. بە چەند چرکەیەک سـەر دار دەکەوم و بەسەر پەرژیندا باز دەدەم.
دەزانن من کێم؟
دایکی من پشـیلەیە و خۆم بەچکە پشـیلەم. شـێوەم زۆر بـە شـێوەی باوکـم دەچـێ و تووکێکی جوان و نەرم و رەنگینم هەیە.

ئا : زەریف



# گوڵزاری حاجیلە



## تولیپ

لە ئینگلیزییەوە: بابی هیوا کەرکووک

ناسراوترین جۆری گوڵە کە بۆ بەرهەمهێنانی گوڵ دەروێنرێ. ئەو جۆرانەی ئێستا هەن بەرهەمی ئاوێتەکردنی دوو جۆرن لەم گوڵە، یەکەمیان پێی دەگوترێ (تولیپ سواڤیۆلینس) کە نیشتمانەکەی لە ڕووسیاوە تا ناوچەی میزۆپۆتامیایە، جۆری دووەمیش بریتییە لە (تولیپ گێسنێریانا) کە نیشتمانەکەی ئاسیای بچووک و ئێرانە.



## ڤاللۆتا

باران عومەر – سلێمانی

نیشتمانی ئەم ڕووەکە باشووری ئەفریقیایە. بەسەلک زیاد دەکرێ و بۆ بەرهەمهێنانی گوڵ دەروێنرێ.

## زامیۆ کولکاس

دەکرێ لە تاریکیشدا دابنرێ. بە هاوینان ئاو دەدرێ و بە زستان تەنیا ئاوپرژێن دەکرێ. لە وەرزی گەشەکردندا جاروبار پەینی دەدرێتێ.
ئەم ڕووەکە بۆ جوانکاری بەکاردێت نەک بۆ خواردن.

لە ئینگلیزییەوە: کرستینا – کەرکووک





# هۆنراوە

## پەیمانی نەورۆز

ژاکاو ئەنوەر – کەرکووک

وەرن وەرن بزانن چییە
ئەوە مەلی پۆستەچییە
هەگبەی گوڵی لێوانلێوە
سادە و ساکار جوان لە شێوە
ئارەقەی لەشی خوناوە
گلێنەی چاوی تیشکی هەتاوە
پەڕ و باڵی بەفری سپییە
کەواتە موژدەی خۆشییە
لە پەیامەکە نووسراوە
ئاهەنگ بگێڕن لە گشت لاوە
نێرگز سەری هەڵداوەتەوە
زەوی لەنوێ بووژاوەتەوە
ئاگری نەورۆز کراوەتەوە
شادیمان بۆ گەڕاوەتەوە



## سروودی بانگەشەی نەورۆز

عوسمان محەمەد هەورامی-سلێمانی

نەورۆز بانگەشەی نەوبەهارییە
ئازادی و گەشەی کوردەوارییە
نەورۆز پێناسەی سەوداسەرانە
تین و هەناسەی هەموو دەورانە
نەورۆز بورکان ستەملەرزێنە
خەندەی ئاسمانی گوڵاو پرژێنە
نەورۆزمان شاییی خەباتکارانە
هەردەم کوێراییی گشت نەیارانە
نەورۆزمان کڵپەی باوەگوڕگورە
خواستی پڕ هەڵپەی عەشقی پڕگڕە
زەبری نەورۆزمان زۆرداری تەزان
پرشنگی ڕۆژمان گەردوونی نەخشان
نەورۆز چراوگی گشت سەربەستانە
هێما و پێشەنگی کورد، کوردستانە

## مەتەڵ

عوسمان دەروێش – کەرکووک

تەنیا سێ پیتە مەتەڵ
بێزراوە لەناو کۆمەڵ
دەبێتە هۆی تەفرەدان
زۆر بەرقە لێی یەزدان
وشەیەکە قێزەون
تکایە دوای مەکەون
خاوەنی ئەو ڕەفتارە
هەمیشە شەرمەزارە
ناراستیی وتەکانی
ئازار دەداتە گیانی
چییە ئەو وشەیە وا..
خاوەنی دەکا ڕیسوا




بێلان - کەرکووک

**نۆکۆوەرد** awkward **سەخت**

شتی سەخت ئەو شتەیە کە بەکارهێنانی گرانە.

**بێبی** baby **منداڵی کۆرپە**

ئەو منداڵەیە کە تەمەنی زۆر بچووکە.

**باک** back **دوا، پشت**

دوای هەر شتێک بە پێچەوانەی پێشیەتی.

پشتی مرۆڤ یان ئاژەڵ ئەو بەشەی لەشیەتی کە دەکەوێتە نێوان مل و خوارەوە یان کلکی.

**باد** bad **خراپ، بۆگەن**

شتی خراپ ئەو شتانەن کە باش نین.

خواردنی بۆگەن ئەو خواردنەیە کە بەکەڵکی خواردن نەماوە.

**باگ** bag **جانتا**

جانتا توورەکەیەکە بۆ هەڵگرتنی شتومەک بەکار دێ.

**بەیک** bake **نان دەکا**

نان کردن بریتییە لە برژاندنی نان یان سەموون لە ناو تەنووردا.

## زمانە فەرمییەکانی وڵاتان

نەجیبە قادر - سۆران

ئەرجەنتین - ئیسپانی
ئێران - فارسی
پاکستان - ئۆردو
زیمبابوێ - ئینگلیزی
گینیا - فەرەنسی
مۆریتانیا - عەرەبی
نەمسا - ئەڵمانی
لاوس - لادی
ئازەربایجان - ئازەری

## دراوی وڵاتان

ئەستێرە عەلی - سلێمانی

نیکاراگوا – کوردوبا
نێجیریا – نیزا
کینیا – شیلینگی کینی
لاوس – کیپ
کرواتیا – کۆنا
ڤێتنام – دونج
ئەتیوپیا – بر
ئەلبانیا – لیک
ئەنگۆلا – کونترا
ئیکوادۆر – سوکەر
ئیسپانیا – بیزیتا
زامبیا – کواشا








## میڵ و گەران بەدوای ئازادیدا

حەمەلاو چاوجوان - ئاغجەلەر



فەیلەسووفی ئینگلیز (جۆن ستیوەرت میڵ) ساڵی ١٨٠٦ لەدایک بووە. ئەم فەیلەسووفە زانستی دەروونناسیی کردبووە بناغەی زانستی فەلسەفە و هەڵوێستی ئازادیخوازانەی هەبوو لە هەردوو بواری سیاسەت و کۆمەڵایەتیدا.

میڵ لە تەمەنی ١٦ ساڵیدا دەستی بە نووسین کرد و، ئەو کاتەی قوتابی بوو لە زانکۆی کامبریدج خۆی بە چالاکیی بیرمەندی و سیاسییەوە سەرقاڵ کردبوو.

میڵ بۆ ئەندامێتیی ئەنجوومەنی گشتیی بریتانیا (پەرلەمان) هەڵبژێردرا و لە ماوەی سێ ساڵ ئەندامێتی لەو ئەنجوومەنەدا بواری بۆ رەخسا بۆچوونەکانی خۆی دەربڕێ لەبارەی چاکسازیی کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە و لێکۆڵینەکانی لەسەر ئازادی ئاشکرا بکا بەتایبەتی ئازادیی ژنان و یەکسانیی نێوان ئافرەت و پیاو.

بەناوبانگترین کتێبی میڵ لەم بوارەدا ئەو کتێبەیەتی کە بە ناونیشانی «لەبارەی ئازادییەوە» بڵاوی کردەوە.

میڵ جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە حکوومەتی سەرکەوتوو ئەو حکوومەتەیە کە ئەندامەکانی مرۆڤی رەوشت بەرز و هەڵسوکەوت جوان و مێشک کراوەن.

میڵ لە ساڵی ١٨٧٣دا کۆچی دوایی کرد.

## مۆزارت

شۆخان ئەنوەر -سەرچنار



مۆزارتی موزیکژەنی مەزن لە ساڵی ١٧٦٥دا لە وڵاتی نەمسا لەدایک بووە، لە تەمەنی پێنج ساڵیدا وەکو منداڵێکی موعجیزە ناوی دەرکردووە و لە ژەنینی پیانۆدا بەهرەدار بووە. ئەم ناوبانگەی دەگاتە کۆشکی پاشایەتی و شەرەفی ئەو پلە مەزنە بەدەست دەهێنێت. لە تەمەنی ٨ ساڵیدا سیمفۆنیایەک دادەنێت. بەرهەمەکانی لەسەر ئاستی مۆزیکی کلاسیک ژمارەیان دەگاتە ٦٣٩ کاری داهێنەرانە. مۆزارت لاوێکی تا بڵێی کراوە و زمانێکی زۆر دەوڵەمەند و پاراوی هەبوو. بەڵام بەگەنجی لە تەمەنی ٣٥ ساڵیدا لە ساڵی ١٧٩١دا سەردەنێتەوە.

لە تەمەنی١٧ ساڵیدا ژنی هێنا ٦ منداڵی بوو ٤ منداڵی مردن، ناوی تەواوی ڤولفگانگ ئەمادیسۆن مۆزارت ١٧٥٦/١/٢٧-١٧٩١/١٢/٥ سالزبۆرگ – نەمسا، ٦٢٦ کاری میوزیکی ئەنجامداوە ناوی باوکی لیۆ پۆلر، ناوی دایکی ئانا ماریا

# ئێکسکالبەر

دڵوار -هەولێر





(ئۆتەر)ی شـــای ئینگلیـــز، بڕیـــاری دا (مێرلین)ی جادووگەر راســـپێرێ بـــۆ ئـــەوەی (ئارتـــۆ)ی کـــوڕی پـــەروەردە بـــکا. مێرلیـــن کوڕەکـــەی بـــردە لای بەگزادەیـــەک کـــە نـــاوی (کایـــۆ) بـــوو و شاســـوارێکی ئـــازا بـــوو. زۆری نەبـــرد دوو کـــوڕە لاوەکـــە بوونـــە هـــاوڕێ.



مێرلین زۆر ئارتۆی خۆش دەویست و، فێری جادووگەریی کرد و وانەی زانست و زانیاریی پێ دەگوت.





مێرلین ئەوەی لە کایۆ و هەموو شاسوارانی وڵات شاردبووەوە کە ئارتۆ کێیە. ئیتر میر وردەوردە گەورە دەبوو و بەهێزتر و ژیرتر و داناتر دەبوو.



شـــا ئۆتەر مرد و، بەگـــزادە و گەورەپیاوانی وڵات بڕیاریـــان دا ئـــەو کەســـەی توانیـــی شمشـــێری (ئێکسکالبەر) لە سندانی ئاســـنگەرەکە بکێشێتەوە بکرێ بە شای وڵات، بەڵام کەس پێی نەکرا.



ئەوەبوو کێبەرکێیەک راگەیەنرا بۆ ئەوەی گشـــت شاســـوارانی وڵات بەشـــداریی تێدا بکەن. بۆیە کایۆ، ئارتۆی لەگەڵ خۆیدا برد، بەڵام ئارتۆ شـــیرەکەی خۆی لەبیر کردبوو بۆیە گەڕایەوە ماڵەوە بۆ ئەوەی بیهێنێ.


بەڵام کە ئارتۆ گەیشتەوە، دەرگاکە داخرابوو، بۆیە چاوی
بە دەوری خۆیدا گێرا و، لە ناکاو چاوی کەوتە سەر
(ئێکسکالبەر) کە لە سندانەکە چەقیبوو و دەدرەوشایەوە.


ئارتۆ لە دڵی خۆیدا گوتی «با بەو شیرە
قاپییەکە بکەمەوە»، کە دەستی برد بۆ
دەسکەکەی شیرەکە لەگەڵ دەستی هات و
کە دەری هێنا ئەوەندەی تر درەوشایەوە.
بۆیە شیرەکەی برد و ڕووداوەکەی بۆ کایۆ
گێڕایەوە.


بەگزادەکان کە ئەمەیان بیست بڕوایان نەکرد، بۆیە
داوایان لێی کرد شیرەکە لە سندانەکە بچەقێنێ و
دەری بهێنێتەوە، ئارتۆش زۆر بە ئاسانی شیرەکەی
لە سندانەکە چەقاند و کێشایەوە. بۆیە بڕیار درا
بکرێ بە شا.


باوکی کایۆ، بە سەرسامییەوە، کڕنۆشی بۆ
ئارتۆ برد و پێی گوت «سڵاو قوربان، دان بە
ئێوەدا دەنێین وەک شای ئینگلتەرا».


«میر» لەگەڵ میوانەکانی گەیشتنە ژووری نانخواردن کە مێزێکی تێدا هەبوو
خۆشترین خواردنەکانی لەسەر ڕیز کرابوون.


بەڵام هەندێ لە بەگزادەکان لەگەڵ بڕیارەکەدا ناکۆک بوون
و ویستیان هەڵگەڕێنەوە لەبەر ئەوەی باوەڕیان نەدەکرد کە
ئارتۆ کوڕی شا ئۆتەرە.
لە کۆتادا ئارتۆ توانیی بەسەر هەڵگەڕاوەکاندا سەرکەوێ و مێزی بازنەییی
داهێنا بۆ ئەوەی هەموو بەگزادەکان بەیەکەوە لە دەوری کۆ ببنەوە و وەک
یەک مافیان هەبێ بۆ ئەوەی بڕیاری دەستەجەمعی دەربکەن.

## هێڵی گرینیتچ چییە ؟

ئاشتی عەبدوڵڵا - پردێ



هێڵی گرینیتچ prime meridian ئەو هێڵەی درێژییەیە کە زەوی دەکاتە دوو بەش: بەشی ڕۆژهەڵات و بەشی ڕۆژئاوا.
بەگوێرەی ڕێککەوتننامەیەکی نێودەوڵەتی لە ساڵی ١٨٨٤، شوێنی ئەم هێڵە دیاری کرا کە بە ناو ڕوانگەی فەلەکیی شاهانەدا تێ دەپەڕێ کە لە ناوچەی گرینیتچی سەر بە شاری لەندەنی پایەتەختی بریتانیایە.
بەم هێڵە سەعات و مێژووی بنەڕەتیی دنیا دیاری دەکرێن. بۆیە لە هەر شوێنێکی دنیادا دەگوترێ کاتی فلانە وڵات ئەوەندە سەعات لە پێش یان لە پاش کاتی گرینیتچە.
هەموو ئێوارانێکیش تیشکێکی لێزەر لە ڕوانگەی فەلەکیی گرینیتچەوە دەردەچێ کە ئاراستەی هێڵی گرینیتچ دەستنیشان دەکا.
ڕوانگەی فەلەکیی شاهانەی گرینیتچ:
ساڵی ١٦٧٥ بە فەرمانی شا (چارلزی دووەم) بەردی بناغەی ئەم ڕوانگە فەلەکییە دانرا و، زانای فەلەکناس (جۆن فلامستید) کرایە بەڕێوەبەری بنکەکە.
شوێنی ڕوانگەکە لەسەر گردێکە لە نێو باخچەکانی گرینیتچ کە دەڕوانێتە ڕووباری تایمز.
لە ساڵی ١٩٩٠دا ئەو ڕوانگەیە گواسترایەوە ناوچەی کەمبردج لە لەندەن.
ئێستا باڵەخانەی ڕوانگەکە بریتییە لە مۆزەخانەیەک بۆ کەرەستەکانی فەلەکناسی و دەریاوانی. لە نێو ئەو شتانەی لە مۆزەخانەکەدا هەن، وردترین کاتژمێرە کە لە سەدەی بیستدا دروست کراوە، هەروەها تیلیسکۆپێکی تێدایە کە ساڵی ١٨٩٣ دروست کراوە و کۆنترین تیلیسکۆپە لە بریتانیا.

## بێ ژیان

کانی ڕەزاق - هەولێر

دەریای مردوو بۆیە بەم ناوەوە ناودەبرێت، چونکە ژیانی تێدا نییە، واتا هیچ ماسی و گیانەوەرێکی دەریایی تێدا ناژیت. ئەم دەریایە کەوتووەتە نێوان ئوردون و فەلەستینەوە. لەبەر ئەوە ژیانی تێدا نییە، چونکە ڕێژەیەکی زۆری خوێی تێدایە، لە کاتێکدا ڕێژەی خوێ لە دەریاکاندا ٣ – ٤٪، کەچی لە دەریای مردوودا ڕێژەکەی دەگاتە ٢٧٪. واتا بەهۆی زۆریی خوێوە چڕیی دەریاکە زۆر زۆرە، ئەمەش کارێکی وا دەکات هەر کەسێک مەلەی تێدا بکات نوقووم نابێت و ئەگەر مەلەش نەزانێت هەر لە سەر ئاوەکەدا دەمێنێتەوە





## بامیە

ئیسماعیل عەزیز - ڕێدار



نیشتمانی ئەم ڕووەکە بە گشتی ناوچە گەرمەکانی ئەفریقیا و ئاسیایە و لە ساڵی ١٢١٦ لە ئەورووپا چێنرا. مرۆڤ لە سەردەمی گریک و ڕۆمانەکانەوە بامیەی ناسیوە و بەکاری هێناوە.
بەری بامیە بە سەوزی دەخورێ و تەمەنی ڕووەکەکە یەک یان دوو ساڵە و بەرزیی دەگاتە ٢ مەتر و گەڵاکانی پانن و بەرەکەی درێژکۆڵەیە و تووی زۆری تێدایە. بەری بامیە بە چەندین شێوە لێ دەنرێ و لە قوتوو دەنرێ و وشک دەکرێتەوە و لە قەد و بەرە پێگەیووەکەی جۆرێک ڕیشاڵ بەرهەم دەهێنرێ کە لە پیشەسازیی کاغەز و چنیندا سوودی هەیە.
بامیە بە خۆراکێکی باش دەژمێردرێ و دژی قەبزییە.

## زەیتوون

ڕووەکێکی درەختییە و لە ڕووەکە ڕۆندارە هەمیشە سەوزەکانە و تەمەنی درێژە. لە بەرەکەی ڕۆنی زەیتوون دەردەهێنرێت و سوودی زۆرە. کۆلیسترۆڵی تێدا نییە تا زیان بە دڵ بگەیەنێت. دوای ٥ – ٦ ساڵ لە چاندنی بەر دەگرێت. بەرگەی گەرما و سەرما و بێ ئاوی دەگرێت. بەری زەیتوون ٦٧٪ی ئاو و ٢٣٪ی ڕۆن و ١٪ خوێی کانزایی وەکو کالسیۆم و فسفۆر و ئاسنی تێدایە، ڕۆنەکەی بۆ گەلێک نەخۆشی بەکار دەهێنرێت، وەکو: سینگەدرە و نەخۆشییەکانی جگەر و ڕێ لە قژ هەڵوەرین دەگرێت و پێستیش بەنەرمی دەهێڵێتەوە و چارەسەری پووکی ددان دەکات.

و: هۆشیار عەبدوڵا-بنەسڵاوە



## نیشانەی هەڵە و ڕاست لەم ڕستانەی خوارەوە بدە

- چین یەکەمین وڵاتی بەرهەمهێنەری برنجە؟
- وشتر بەبێ ئاو دەتوانێت ٦٠ کیلۆمەتر ببڕێت.
- قەوزەکان ڕووەکی فرەخانەن.
- سنەوبەر بەتەمەنترین درەختە.
- کێچ سەد ئەوەندەی خۆی باز دەدات.
- بە نەخۆشیی سیل دەڵێن مەرگی ڕەش.
- ژمارەی زمانەکانی دڵ چوارن.
- تەمەنی مێش تەنیا دوو حەوتووە.
- دڵداری شاعیر لە سلێمانی لەدایک بووە.

هەتاو هێمن - بنەسڵاوە



## ل سەر کیڤە بنڤیسم؟

هێژا وەیسی/دهۆک

لاوەندی دەست دا پارچە رەژیەکێ و ل سەر دیوارێ خواندنگەهێ ناڤێن هەڤاڵێن خۆ نڤیسان، دوی دەمێ دا هەڤالێ وی سیداد ژوێڤە دهات و ب گازندەڤە گوتێ: تو بۆچی ل سەر دیواری دنڤیسی؟
لاوەندی گوت: نێ دیوارێ قوتابخانێ یە، ڤێجا ماچیە؟
سیدادی گوت: پا تو بۆچی ب رەژیێ ل سەر دنڤیسی و پیس دکەی؟
لاوەند بێ دەنگ ما و پاشی گوت: ما دیوارێ تەیە؟
سیدادی گوت: ئەڤ دیوارە یێ مە هەمیانە دڤێت ئەم هەمی بپارێزین و نەهێلین پیس بیت.
لاوەندی گوت: پا ئەز ل سەر کیڤە بنڤیسم؟
سیدادی ب گرنژین ڤە گوت: ئەڤا تو دنڤیسی و تو حەز ژێ دکەی تو دشێی ل سەر پارچە کاغەزەکێ یان کارتۆنەکا سادە بنڤیسی یان ب رەنگا بنڤیسی، و رەژی دێ دەست و جلکێن تە ژی پیس کەت و تۆزا وێ ژی دێ چیتە دناڤ چاڤێن تەدا و دێ زیانێ گەهینیتە ساخلەمیا تە..
لاوەند دیسان بێ دەنگ بوو و هزرێن خۆ کرن و بریار دا چ جارێن دی ب رەژیێ ل سەر چ دیوارا نەنڤێسیت و سۆزدا دەستا ژ ڤی کاری بەردەت و دیوارێن قوتابخانێ بپارێزیت.



جوان سەرنجی ئەم وێنەیە بدەو ئازابە بابەتێکی لە بارەوە بنووسە ! ئەگەر نووسیت ئەوە بۆمانی بنێرە ، تا گەر شیبا ، ئەوا ئێمەش لەگەڵ وێنەکەی خۆتدا بۆتی بڵاودەکەینەوە .

**حاجیلە**



## بۆچی دەستمان دەخەینە لای دەممان ؟



کاتێک هاوارێک لە یەکێک دەکەین، لەرینەوەی ژێ دەنگییەکان لە گەرووماندا شەپۆلی دەنگ دەردەکەن و بەگشت لایەکدا بڵاو دەبنەوە. بەر گوێی هەر کەسێک بکەوێت دەیبیستێ. بەڵام کاتێک دەستمان دەخەینە دەوری دەممان ئەوە وا دەکات شەپۆلی دەنگەکە بەیەک ئاراستە بڕوات و وەکو جاری یەکەم وزەکەی دانەبەزێت و دووررتر بڕوا و ئەو کەسەی کە لێمانەوە دووریش بێت بتوانین دەنگەکە بژنەوێ.

جەودەت جاسم - داقووق



## باڵندەکان چۆن دەبیستن؟

نەریمان قادر-بازیان

باڵندە گوێی هەیە و لە زۆر ڕووەوە لە گوێچکەی خشۆکەکان دەچێت. گوێی دەرەوەی لە باریکە ڕێگەیەکی کورت پێک دێت یان کەناڵێک لە ژێر پەرەکەی لاجانگیدایە، لەژێر پێستی زۆربەی باڵندەکاندا ماسوولکەیەک بەدەوری کەناڵەکەدا هەیە، ئەو ماسوولکەیە نیوەی یان تەواوی کونەکە دادەخات. پەردەی گوێ لە دەرەوە دیارە. لە دیوی ناوەوەی تەپڵەی گوێچکەش ڕیزە ئێسقانێک هەیە کە لەرینەوەکان دەگوێزنەوە، ئەو ڕیزە ئێسقاکەش کە لە ستوونێکی کرکراگەیی پێکدێت و درێژ دەبێتەوە تا دەگاتەوە پەردەی گوێچکە.
تاقیکردنەوەکان دەریان خستووە بیستن لە باڵندەکان چەند جارەی توانای بیستنی مرۆڤە.

## من چیم؟

بەرزی جەلال - ئاغجەلەر

بەهار و هاوین دێمە کوردستان، ملێکی درێژی ١١٠سانتیمەترم هەیە کێشم لەنێوان ٢,٥ بۆ ٤,٥ کیلۆدایە، بۆق و گیانلەبەری چکۆلە و مار دەخۆم، دەنووکم سوور و درێژە و لەسەر دارتەل و شوێنە بڵندەکان هێلانە دەکەم و هێلکە دەکەم لە ماوەی ٣٢ ڕۆژ لە نیوەی بەهار تا سەرەتای هاوین هەڵیدێنم.
دەزانی من چیم؟

# مۆزەخانەی کوردەواری

شوان محەمەد - شوان

**کلدان یان کلتوو:** جۆرە توورەکەیەکی بچووکە ، کلی هاراوی تێ دەکرێت بۆ چاورشتن بەتایبەت مێینە بەکاری دەهێنێ.

**بەردەستێ:** بەردێکی سافی بریقەدارە، پێشان بۆ ئاگرکردنەوە بەکاریان دەهێنا . ئەویش بەتوند بەرکەوتن لە ئاسن یا پۆلا، پریشکی لێ دەبووەوە و لەگەڵ پووشوودا بەکار دەهات و پووشووەکە دەسووتا و جگەرە و سبیل و قلیانیان پێ دادەگیرساند.

**شەکرشکێن:** ئاسنێکی دەم پانی تیژە وەک تەشوێ لەنێو دەفرێکی تایبەتیدا جاران شەکریان پێ دەشکاند.

# خواردنی کوردەواری

باوکی ڤانیار - قۆجەلەر

بزانە تا چەند بەم خواردنانە ئاشنای ، ئەگەر نەتزانی پرسیار بکە لە دایکت ، ئەگەر ئەویش نەیزانی پرسیار بکە لە داپیرەت:

- شلکێنە
٢- کەلانە
٣- جنگاڵ بەرۆن
٤- دانوولە
٥- برێشکە
٦- دۆینە
٧- ترخێنە
٨- گژنیژە
٩- پیرخەنیلە
١٠- کاروانئاشی
١١- ترشاو
١٢- تلیت

# مانگە کوردییەکان

هیوا حەمەئەمین - سەنگاو

١- نەورۆز (خاکەلێو-ئاخەلێو)
٢- گوڵان (بانەمەڕ)
٣- جۆزەردان
٤- پووشپەڕ
٥- خەرمانان
٦- گەلاوێژ
٧- ڕەزبەر (مشتاخان)
٨- گەڵاڕێزان (خەزەلوەر)
٩- سەرماوەز
١٠- بەفرانبار
١١- ڕێبەندان
١٢- ڕەشەمێ

تێبینی: یەکەم ساڵی کوردی لە دامەزراندنی دەوڵەتی (ماد)ەوە دەست پێدەکات کە لە (٧٠٠) ساڵ پ.ز ، سەری ساڵی کوردی ١ی مانگی نەورۆز بەرانبەر ٢١ی ئاداری ساڵی زایینییە.





# کۆمپیوتەر

ماردین - سلێمانی

## سکانەر Scanner

سکانەر پێداویستییەکی ترە ، کە پێوەستە بە کۆمپیوتەر ، لە ڕێگای ئەم ئامێرەوە ، دەتوانین وێنە ، نووسراو و دەیان شتی تر لەسەر کاغەز بگوازینەوە بۆ ناو کۆمپیوتەرەکانمان ، کەواتە پێچەوانەی کاری چاپگەر ( پرێنتەر ) دەکات .

سکانەر هەڵدەستێت بە گۆڕینی زانیارییەکانی سەر کاغەز بۆ داتای دیجیتالی و بە پاشگەری جۆراوجۆر لە کۆمپیوتەرەکەمان عەمباری ئەکات .



# کێشی هەوا چەندە؟

بەناز سەلیم - کەرکووک

هەوا کە توخمێکی پێویستە بۆ بەردەوامبوونی ژیانی مرۆڤ و ڕووەک و ئاژەڵان، لە تێکەڵێکی ئۆکسجین و نایترۆجین و دووانە ئۆکسیدی کاربۆن و هەڵمی ئاو و چەند گازێکی دەگمەن پێکهاتووە.

کاتێکیش هەست بە کێشی هەوا دەکەین، ئەگەر دەبدەبەیەکی ( شیشڵدان ) بەتاڵ بە تەرازوویەکی هەستیار پێوانە بکەین و پاشان پڕی بکەین لە هەوا، دەبینین دەبدەبەکە لە باری دووەمدا قورسترە.

ئەگەریش بمانەوێ دەبدەبەیەک بەرەو سەرەوە هەڵبفڕێنین، دەبێ پڕ بکرێ لە گازێکی سووکتر لە هەوا، کە زۆر جاران گازی هیلیۆم یان هایدرۆجین بەکار دەهێنرێن، چونکە لە هەوا سووکترن.

زانایان توانیویانە کێشی هەوای دەوری زەوی دیاری بکەن، کە نزیکەی ٥×١٠ توان ١٥ تۆنە.

# پێچەوانە

پێچەوانەی ئەم وشانە بەهێڵێکی دروست دیاری بکە:

| | |
|---|---|
| خاو | هەمیشە |
| هیشک | کوێستان |
| هەوراز | بان |
| هەرگیز | نشێو |
| ڕەشبین | خێرا |
| گەرمیان | گەشبین |
| واڵا | داخراو |
| بن | تیژ |
| کول | تەڕ |

پۆلا کەریم - دوکان



# پێبکەنە تا جوانتر بیت

شەن شەماڵ – کفری

ڕەزیلێک جلەکانی دەبات بۆ ئوتووکردن و بەکابرای ئوتووچی دەڵێت: توخوا هەر پێشەوەیم بۆ ئوتوو بکە.
کابرای ئوتووچی دەڵێت بۆ؟
ڕەزیلەکە دەڵێت: دەچم ڕەسمی پێوە دەگرم.

کوڕێک لە هەندەران دەگەڕێتەوە، ڕۆژێک بەدایکی دەڵێت: دایکە ئەمڕۆ دوو میوانی بیانی دێنە ماڵمان کە بەخێرهاتنت کردن پێیان بڵێ: وێلکەم، پاش کەمێک میوانەکان دێن، دایکی لێیان نزیک دەبێتەوە دەڵێت: یاخوا وێڵکەم بن.

وەستایەک شاگردەکەی دەنێرێت بۆ چاککردنەوەی جەرەسی ماڵێک، شاگردەکە دەگەڕێتەوە بە وەستاکەی دەڵێت: وەستا دە جارم زیاتر لە جەرەسەکەیان دا کەس دەرگای لێم نەکردەوە.

## دوو نوکتە

لاڤین قارەمان – کەرکووک تەمەن ١١ساڵ

یەکەم: بەگیانی خۆم زۆرم کوێرەوەری و ناخۆشی بینیوە دەتوانم بڵێم تەواوی دنیا گەڕاوم.
دووەم: ڕەنگە جوگرافیاش باش بناسێت.
یەکەم: ئەی چۆن شەوێکیش لەوێندەر نووستووم.

منداڵێک بەدایکی دەڵێت:
– دایکە ٢٥٠ دینارم بدەرێ، ئەو پیاوە لەبەر دەرگە هەر هاوار دەکا. دایکەکە ٢٥٠ دیناریەکی دەداتێ و دەڵێت: هابگرە بەڵام بۆ هاوار دەکا؟
کورەکە پارەکە لەدەستی دایکی وەردەگرێ و دەڵێت: بۆ ئەوەی چلوورەکەی بفرۆشێت.





# حەز دەکەم ببم بە دکتۆر



دێرین عەبدولجەبار – کەرکووک

ناوت چییە: هۆزان هێمن بەرزنجی، بەڵام لە ماڵەوە پێم دەڵێن: هۆزە یان هۆزی.
لە چ قوتابخانەیەکی: لە (باخچەی ساوایانی ڕۆژ)م.
چی فێر بوویتە: ژمارە دەزانم، هەروەها بیست وشەی ئینگلیزیم لەبەرە و ماناکانیان بەکوردی دەزانم.
ئارەزووت لە چییە؟ حەزم لە سەیرکردنی فیلمی کارتۆنە و وێنەی جوانیش دەکێشم.
حەز دەکەی ببی بەچی کە گەورە بووی: پزیشک
حاجیلە دەبینی: بەڵێ.



# زۆر حەزم لە وەرزشە ، بۆ لەش زۆر بەسوودە .

ناوت چییە: گوڵان موکەرەم عەلی
پۆلی چەندی : قوتابی پۆلی پێنجەمی سەرەتایی .
ئارەزووت: ئەوەیە قوتابخانە تەواو بکەم و شەهادەم هەبێ
حەزت لە وەرزش هەیە؟ بەڵێ زۆر حەزم لەوەرزشە چونکە بۆ لەش بەسوودە، بەتایبەتی یاری باسکە.
حەز بە هونەری وێنەش دەکەم.
ئاواتت چییە؟ ئاواتم ئەوەیە لە داوڕۆژدا ببم بە ئەندازیار
گۆڤاری حاجیلە دەخوێنیتەوە؟ بەڵێ زۆر حەزم بە چیرۆک و وێنەکانییەتی.

دیمانە : نسێ– کەرکووک



دیمانە/ خەجێ – کەرکووک

# پێم خۆشە ببم بە دکتۆر

ناوت چییە؟ ئەڤین ئاری قادر
پۆلی چەندی: دووەمی سەرەتایی
تەمەنت چەندە: ٨ ساڵانم
لە چ قوتابخانەیەکی: جابر ئەنساری لە شاری دووبز
گۆڤاری حاجیلە دیوە: بەڵێ هەموو سەرەمانگێ باوکم بۆم دێنێ و بۆمی دەخوێنێتەوە.
ئارەزووت چییە: وێنە کێشان
حەز دەکەی ببی بەچی؟ پێمخۆشە ببم بە دکتۆر

# کۆمەڵەی خۆر لە چی پێکدێت؟

ئا : گزنگ

- خۆر چەقی کۆمەڵەی خۆرە و هەموو پێکهاتەکانی تر بە دەوریدا دەسووڕێنەوە.
- ٩ هەسارەی لەخۆگرتووە، عوتارد، زوهرە، زەوی، مەریخ، موشتەری، زوحەل، ئۆرانۆس، نیبتۆن، پلۆتۆ.
- هەندێ لە هەسارەکانیش پاشکۆیان هەیە و بە دەوریاندا دەسوڕێنەوە.
- کلکدار و نەیزەکەکانیش تەنی گەردوونین هەندێ جار لە ئاسماندا دەبینرێن.
- هەموو ئەو پێکهاتانەی سەرەوە لە خولگەی دیاریکراودا بە دەوری خۆردا دەخولێنەوە.
- ئەو زەوییەی ئێمە لەسەری دەژین هەسارەی سێیەمە لەرووی دووری لە خۆرەوە و دەکەوێتە نێوان هەردوو هەسارەی زوهرە و مەریخ. نێوەندە دووریشی لە خۆرەوە نێزیکەی ١٥٠ ملیۆن کیلۆمەترە و تاکە هەسارەی کۆمەڵەکەیە کە هەموو بنەماکانی ژیانی تێدایە و بێجگە لە مرۆڤ، ئاژەڵ و ڕووەکی جۆراوجۆریشی تێدا دەژی.

## پەپوولە تاراوەکەی ژمارە ٧ی حاجیلە لە شارۆچکەی پێنجوێن دۆزرایەوە

منداڵانی هەموو شار و شارۆچکە و شارەدێ و گوندەکانی کوردستان لە هەوڵ و گۆششدا بوون ئەو پەپوولە تاراوەی خۆی کردووە بە کۆوارەکەی ئێمەدا بدۆزنەوە. نامە و ئیمەیل و sms مان بۆ هاتووە بەڵام پاش تیر و پشــک دیارییەکەمان کە هەموو ژمارەکانی یەک ساڵی حاجیلەیە بەر هاوڕێمان: **ســایە ڕێبوار کەمال** کەوت کە پۆلی سێیەمی قوتابخانەی ملەکەوەی بنەڕەتییە لە شارۆچکەی پێنجوێن. وێڕای دەستخۆشی پیرۆزبایی لێ دەکەین.





# پیاوی ئاسنین



تۆنی ســتارک ، کوڕی کابرایەکی کۆچکردووی ملیاردێرە ، کەسـێکی زۆر بەتوانایــە لە بواری ئەندازیاریی چەکســازی ، دوای ئەوەی لە وڵاتی ئەفغانســتان لەسەر دەستی کۆمەڵێک تیرۆرست دەستبەســەر دەکرێــت ، لــە نێو ئەشـکەوتێک زیندانی دەکرێت بۆ ئەوەی چەکێکی تازەو بەهێز دروستبکات بۆ تیرۆرستەکان .

بەڵام تۆنی دەتوانێــت فێڵیان لێ بکات و پیاوێکی ئاســنین دروســتدەکات و لەگەڵ ڕەخســاندنی یەکەمین هەل ،هەڵدێــت و گورزێکی کاریگەر لە چەکدارە تیرۆرستەکان دەدات .

تۆنــی ســتارک ، دوای ئــەوەی ئەگەڕێتەوە بۆ ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ، ئەو ڕاستییەی لا دروســت دەبێــت کــە جەنگ و چەکســازی ، تەنیــاماڵوێرانــی لێدەکەوێتــەوە ، بۆیــە بڕیار دەدات تــەواوی کارگــەی چەکســازییەکەی هەڵبوەشـێنێتەوە و برەو بە ئاشتی بدات ، بەڵام ڕووداوەکان زۆر لە خواســتی ئەوەی جیاوازتر دەبن ......

بەرهەم : ٢٠٠٨ .
دەرهێنان : جۆن فاڤێریۆ .
نووسین : مارک فێرگۆس .
نوانــدن : ڕۆبەرت داونەی ، گۆینیس پاڵترۆ ، تێرینس هووارد .
داهات : ٣١٨ ملیۆن دۆلار .



# بە پەنجە زێڕینەکانتان ماموٚستایانتان سەرسام کرد

ڕیپۆرتاج: ساردین عەلی- کەرکووک

لە ٨ی ئادار و لە هۆڵی قوتابخانەی گۆرانی سەرەتایی، بە بەشداریی ١١٤ قوتابخانە و باخچەی ساوایانی سەر بە خوێندنی کوردی ، کەرکووک فیستیڤاڵی ساڵانەی قوتابخانەکان ساز درا و بەرهەمی منداڵان ماموٚستایانیان سەرسام کرد.



ڕۆشنانەبەز، بەشدارێکی تری فیستیڤاڵەکەیە و بە تابلۆیەکی زۆر جوان بەشداریی کردبوو و دەیگوت: من لە کەرەستەی بێکەڵک و پاشماوەی کاغەزی ڕەنگاوڕەنگ تابلۆکان دروست دەکەم و بە کەتیرە بەیەکەوەیان دەنووسێنم، سرووشتیش لە تابلۆکانمدا بەرجەستە بووە.



پەری ئەحمەد لە پۆلی چوارەمی سەرەتاییە و دایکی لە ماڵەوە هاوکاریی دەکات و ماموٚستای وێنەش لە قوتابخانە ڕێنماییی دەداتێ. پەری بە منداڵانی گوت: خولیای وێنەکێشانم و لە کاتی دەست بەتاڵیمدا وێنە بە ماجیک و پاستیل دەکێشم. زۆریش حەزم لە ڕەنگی قاوەیی و سەوزە و هەوڵ دەدەم وێنەی پۆرترێت بکێشم.



هاژە عیزەدین یەکێکە لە قوتابییە بەشدارەکانی فیستیڤاڵەکە و لەبەر جوانیی وێنەکەی خەڵاتی پێ بەخشرا و بە کۆواری حاجیلەی ڕاگەیاند: من پۆلی شەشەمی سەرەتاییم لە قوتابخانەی شەوبۆم، پوورم لە ماڵەوە هانم دەدا و هاوکاریم دەکات لە وێنەکێشان و، لە قوتابخانەش ماموٚستاکەم. حەزم لە وێنەکێشانە بە ماجیک و ڕەنگی شین و پەمەییم زۆر پێ جوانە و سرووشت و زەخرەفە لە تابلۆکانمدا ڕەنگیان داوەتەوە.



ماموٚستا شێرزاد عەبدوڵڵا بەڕێوەبەری خوێندنی کوردی، کەرکووک بەم شێوەیە سەرسامیی خۆی لە ئاست بەرهەمەکانی منداڵان دەربڕی:
بە ڕاستی ئەم بەرهەمانەی قوتابییان ئێمەی ماموٚستایانیان سەرسام کردووە و بە بیرۆکە جوانەکانیان کە لە وێنەکاندا بەرجەستەیان کردوون، سرووشتی جوانی کوردستان و لایەنە کۆمەڵایەتییەکانیان خستووەتە سەر تابلۆ ڕەنگینەکان و بەوەشەوە نەوەستاون، لە هەندێ کاریکاتێردا ڕەخنەیان لە کەموکورتیی خزمەتگوزارییەکان گرتووە.









بەشدار تاهیر



دانیال فەتاح




هیلین نالان

# جوگرافیای وڵاتان

## ئیستۆنیا



رۆشنا کەرکووکی
کەرکووک




**پێگەی جوگرافیایی** : ئیستۆنیا دەکەوێتە باکووری رۆژهەڵاتی ئەوروپا، کەنداوی فینلەندا سنووری باکوری پێکدێنێ و دەریای بەلتیک دەکەوێتە رۆژئاوای، لاتیڤیا لە باشوور و رووسیا لە رۆژهەڵات دەوریان داوە.

**رووبەر** : ٤٥ هەزار و ٢١٥ کیلۆمەتری دووجا.

**ژمارەی دانیشتووان** : ملیۆنێک و ٥٩٥ هەزار کەس.

**چڕیی دانیشتووان** : ٣٥,٣ کەس لە کیلۆمەتریکی دووجا.

**پێکهاتەی ئاینی** : زۆرینەی کریستیانی پرۆتستانت.

**پایتەخت** : تالین (٥٠٠ هەزار کەسی تێدا دەژی).

**گرینگترین شارەکانی** : تارتۆ، نارڤا، تۆمبیا.

**جۆری حوکمڕانی** : کۆماریی یەکگرتووی فرە حزبی.

**دراو** : یۆرۆ.

**زمان** : ئیستۆنیایی.

**گرینگترین هەناردەکانی** : وزەی کارەبا، مادەی کیمیایی، کانزاکان.

**گرینگترین هاوردەکانی** : خۆراک، کەرەستەی یەدەکی ئۆتۆمبیل، سووتەمەنیی کانزایی.

**کات** : گرینیتچ+٢

**مێژووی بەئەندامبوون لە نەتەوە یەکگرتووەکان**: ١٩٩١











## یانەی بەرشلۆنە

هەمزە کەریم - شۆڕاو




یانەی بەرشلۆنە بۆ تۆپی پێ لە ٢٩ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٨٩٩ دامەزراوە (کە هەوادارانی ناویان ناوە بەرشە) بە یانە کەتەلۆنییەکە ناسراوە یانەیەکی وەرزشیی ئیسپانیایە لە شاری بەرشەلۆنەی هەریمی کەتەلۆنیا و، خاوەنی یاریگەیەکە بە ناوی (کەمپ نو) کە جێی ١٠٠ هەزار کەسی تێدا دەبێتەوە. ئەم یانەیە جگە لە تیپی تۆپی پێ، تیپی تۆپی سەبەتە و هۆکیی سەر بەفر و تۆپی دەستی هەیە.

بەرشەلۆنە لە گشت یانەکانی ئەوروپا زیاتر هاندەری هەیە و ژمارەی هاندەرانی لە ئەوروپا نزیکەی ٥٨ ملیۆن کەس دەبێ.

سەرۆکی ئێستەی یانەکە ناوی (ساندرۆ رۆسێل)ە، یاریچیی پێشووی یانەکە (جۆسیب گواردیۆلا) راهێنەرایەتیی تیپی تۆپی پێی یانەکە دەکا و سەرپەرشتیی ژمارەیەک یاریزانی دیار دەکات وەک: دێڤد ڤیا - چافی هیرنانديز - کارلۆس پویۆل - لیۆنیل میسی - دانییڵ ئەلفیس - ئەندرێس ئینێستا - جیرارد پیکی - پێدرۆ.

کۆی گشتیی پاڵوانیەتییە رەسمییەکانی کە بەرشەلۆنە بردوویەتەوە ٧٠ پاڵەوانیەتییە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

خولی پاڵەوانانی ئەوروپا: ٣ جار (٢٠٠٩,٢٠٠٦,١٩٩٢)

جامی یەکێتیی ئەوروپا: ٣ جار کە ژمارەی پێوانەییە (١٩٥٨، ١٩٦٠، ١٩٦٦)

جامی سووپەری ئەوروپا: ٣ جار (١٩٩٢، ١٩٩٧، ٢٠٠٩)

جامی پاڵەوانانی جامەکانی ئەوروپا: ٤ جار کە ژمارەی پێوانەییە (١٩٧٩، ١٩٨٢، ١٩٨٩، ١٩٩٧)

جامی جیهانیی یانەکانی تۆپی پێ: ١ جار (٢٠٠٩)

خولی پلە یەکی ئیسپانیا: ٢٠ جار.

جامی ئیسپانیا: ٢٥ جار کە ژمارەی پێوانەییە.

جامی سووپەری ئیسپانیا: ٩ جار کە ژمارەی پێوانەییە.

جامی خولی ئیسپانیا: ٢ جار کە ژمارەی پێوانەییە (١٩٨٢، ١٩٨٦).

## ماریا شاراپۆڤا

رێژین شوانی-کەرکووک



کچە وەرزشوان و پاڵەوانێکی بێلارووسییە و لە ٩ی ئەپریلی ١٩٨٧دا لە نیاجانی رووسیا هاتووەتە دنیاوە. سێ جار پاڵەوانێتیی بەدەست هێناوە. لە تەمەنی حەوت ساڵییەوە لەگەڵ دایک و بابیدا چوونەتە ئەمەریکا، تاکو لە ئەکادیمیای (نیک پۆلیتیری)ی تێنس بخوێنێت. زیاتر بەدەستی راستی یاری دەکات، واتا راستەوانەیە. درێژیی ١,٨٨ مەتر و کێشیشی ٥٨ کیلۆیە.

# منداڵان چۆن خۆیان بۆ جەژنی نەورۆز ئامادە کردووە





(کاڵێ ئازاد)م و پۆلی سـێیەمی سەرەتاییم، لە ئێستاوە خۆم ئامادە کردووە بۆ جەژنی نەورۆز و جلی کوردیم کڕیوە. دایکم بردمی بۆ بازاڕ و بە دڵی خۆم جلێکی زۆر جوانی بۆم کڕی، زۆر حەزم بە ڕەنگی سـوورە لەبەر ئەوە ڕەنگی سـوورم کڕی و بە نیازین لەم جەژنە خۆشـەدا لەگەڵ دایک و باوکم و براکانم و خاڵەکانم بچین بۆ سـەیران بۆ سەیرانگەی سەرتەک.



(مەحمـود موکەرەم)م و قوتابیم، ئێمە لە ماڵــەوە هەموومان خۆمان ئامادەکردووە و دایکم و باوکیشم جلیان کڕیوە بۆ جەژنی نەورۆز و ئەم جەژنەش لە هەموو جەژنەکان بە خۆشـتر دەزانین، چونکە خەڵکی هەمووی جلی ڕەنگاوڕەنگ لەبەر دەکەن و دەچن بۆ سـەیران و لەو دەشـتە ئاگری نەورۆز دەکەنەوە، من بۆ ئەم جەژنە خۆشـە جلی کوردیم کڕیوە، حەزەکەم ئێسـتا جەژن بێت تاوەکـو جلەکەم زوو لەبەر بکەم چونکە زۆر جوانە.



(ئاڤان نەجاح) دەڵێ: من جلی کوردی ڕەنگی مۆرم کڕیوە بۆ ئەم جەژنە و براکەشـم جلێکی جوانی کڕیوە خۆمان ئامادەکردووە لەم جەژنەدا لەگەڵ دایک و باوکم بڕۆین بۆ سەیرانگای دیلێژە و لە ئێستاوە هەموو شتێکمان کڕیوە، بەس خۆشترین جەژن لەلای من جەژنی سەری ساڵە، چونکە لەم جەژنەدا بابەنوئێل هەیەو دێت دیاری دەدات بە منداڵان و ماچمان دەکات و دەسـت دەکاتە ملمان و وێنەمان لەگەڵ دەگرێ، یان باوکم دەمان بات بۆ شاری یاری، بەس لەم جەژنەدا هەر دەبێ بچین بۆ سەیران و نان بخۆین و تەواو.



(بەلێـن ئازاد)م و لە قوتابخانە دەخوێنم و زۆر حـەزم بە جەژنە، بەس جەژنی قوربان لە هەموو جەژنەکانی تر خۆشـترە، چونکە خەڵک هەمووی خێر دەکات و حەیوان سەردەبڕن و باوکی منیش حەیوان سـەردەبڕێت بۆ خێر، جەژنی نەورۆزیش خۆشـە خەڵک هەمووی دەچن بۆ سـەیران و جلی جـوان دەکەن و ئاگر دەکەنەوە، من بۆ ئـەم جەژنە باوکم جلی کوردی ڕەنگی شەکەری بۆم کڕیوە زۆر جوانە حەزەکەم زوو جەژن بێت و لەبەری بکەم. من لەگەڵ خێزانەکەمان بە نیازین بۆ ئەم جەژنە بچین بۆ سەیرانگای دووکان، چونکە ئەوێ زۆر خۆشە بۆ سەیران و ئاوی لێیەو دەتوانین سواری بەلەمیش ببین.



(کاردۆ سـالار) ، هەموومان لەماڵەوە خۆمان ئامادە کردووە بۆ جەژن بچین بۆ سـەیران بۆ سـەیرانگای خاڵۆبازیانی، دایکم و باوکم و من و خوشکەکەشـم جلی کوردیمان کڕیوە، من جلەکەم زۆر جوانە ڕەنگی ڕەشـە، لەو ڕۆژەدا لەبەری دەکەم و ئێوارەی جەژنیش کە ئاگری نەورۆز دەکەنەوە باوکم دەمباتە دەرەوەو پێکەوە وێنە دەگرین. بەلای منەوە جەژنی ڕەمەزان لە هەموو جەژنەکانی دیکە خۆشترە، چونکە لەم جەژنەدا خەڵکی هەمووی پێشتر بـەڕۆژو بوونە و ئینجا لە جەژنەوە ئیتـر دەبێ نان بخۆن و بە ماڵە خزمەکان دەگەڕێن بۆ گەردن ئازایی، ئێمە لەماڵەوە هەموومان زۆر حەزمان لە جەژنی ڕەمەزانە.

# قەڵەمە ناسکەکان

## چۆپی و دایکی



چۆپی ئیسماعیل
کەرکووک

هەموو بەیانییەک دایکم لە خەو هەڵیدەستاندم، دەم و چاوم دەشوشت و نانم دەخوارد، ڕۆژانە دەچوومە تاقیکردنەوەی نیوەی ساڵ.
لەدوای خۆگۆڕین، خواحافیزیم لەدایکم دەکرد. دایکیشم هەتا بەر دەرگەی خۆمان بەڕێی دەکردم.
ڕۆژێکیان لە تاقیکردنەوەی زمانی کوردیدا دایکم بەڕێی نەکردم، زۆرم پێناخۆش بوو، لە تاقیکردنەوەکەش وەکو ڕۆژانی پێشوو نەبووم، بۆیە کە گەڕامەوە، گێڕامەوە بۆ دایکم، دایکیشم نیگەران بوو و بڕیاری دا هەتا دوا ڕۆژی تاقیکردنەوەکان بەڕێم بکات.

## بەهار



چاوان نورەدین
پۆلی سێیەمی ناوەندی تەمەن ١٤ ساڵ
چەمچەماڵ

بەهار لامان ڕەنگینە
بەهار هات خۆر شیرینە
تاکە وەرزی گەرانە
وەرزی خۆشی و سەیرانە
گوڵی جوانی بەهاران
شادیی گەورە و منداڵان
نێرگزیش بە بەهاران
شادی دەخاتە دڵمان
بزەی هەموو منداڵان
خۆشیی هەموو گیانداران
بەهار دەرەنگێنێ
کوردستان دەخەملێنێ

## سێ مشک



دارا عەوف – کەرکووک

سێ مشک هەبوون دراوسێی یەکتر بوون، زۆر دڵسۆزی یەکتری بوون، ڕۆژێکیان ماڵێک پشیلەیەکی دڕندەیان کڕی. هەموو ڕۆژێک پشیلەکە دەهاتە لای ماڵی مشکەکان و نەیدەهێشت خۆراکی خۆیان پەیدا بکەن. مشکەکان کۆبوونەوە و پیلانێکیان دانا و وتیان: شەو یەکێکمان دەڕۆینە دەرەوە و پەتێکی درێژ پەیدا دەکەین و بە ملی پشیلەکە و عاموودی کۆڵانەکە دەیبەستینەوە و پارچە پەتێکیش لە قاچی پشیلەکە دەکەین. ئەو کارەیان ئەنجامدا و بەیانی پەتی قاچی پشیلەکەیان ڕاکێشا و گرتیان و ئیتر بۆخۆیان بەسەربەستی دەجووڵانەوە و لەم پشیلە دڕندەیە ڕزگاریان بوو و سەفەریان کرد بۆ گەڕەکێکی تر.



## کەروێشک



سۆزین جبرائیل – کەرکوک

گیانلەبەرێکی گیاخۆرە هەیانەماڵییە و هەیانە کێوییە. لەو کونانەدا دەژی کە لەژێر زەویدا هەڵی دەکۆڵێت، توکێکی نەرمی هەمەڕەنگی هەیە، لەشی پێ داپۆشراوە، ٢٨ دانی هەیە لەملاو لەولای لێوەکانی، سمێڵی درێژ و باریکی هەیە کە لە تاریکیدا بەکاری دێنێت بۆ ڕێگا ناسینەوە، ملی کورتە و دوو جووت پێی هەیە پەلی پێشەوەی چڕنووک دارە و پەلی دواوەی بۆ بازدان بەکار دێنێت. بە زاوزێ زیاد دەکات.

## کۆلارە



هەنووز خالید
شەشەمی بنەڕەتی
قوتابخانەی زانست - قەڵادزێ

کۆلارەکەم زۆر جوانە
دەفرێت بۆ ئەو ئاسمانە
کە من بۆ هەر شوێنێک چووم
ئەویش غاردەدا لە دووم
کۆلارەکەم ڕەنگاو ڕەنگە
شین و سوور و سەوز و زەردە
هەمیشە دەفڕێ بە جوانی
دەبێتە هاوڕێی ئاسمانی
کاتێک کە ڕەشەبا دێ
یەکسەر دەیهێنمە دەرێ
کۆلارەکەم کە دێتە دەر
هەڵدەفرێت لە دەشت و دەر

## هەڵەکە لە کوێدایە
## جاکی شان

هەورەمان ڕزگار-کەرکووک

ڕۆژێ جاکی شان لە بازار هاتەوە نانی بۆ ژنەکەی هێنابوو چوو بۆلای دەرگای ماڵەوە، چەند لە دەرگای دا کەس نەیدەکردەوە، دراوسێیەکیان هات و وتی جاکی شان ژنەکەت زۆر نەخۆش بوو نەیدەتوانی هەڵسێ وتمان با دکتۆر بانگ بکەین ئەویش وتی نەخێر خۆم ئەڕۆم بۆ نەخۆشخانە.
جاکیشان بەپەلە ڕایکرد بۆ نەخۆشخانە وتی بە دکتۆرەکە کچەکەم چۆنە، دکتۆرەکەش وتی: ژنەکەت باشە.

تەندروستی



## چیا لەبارەی ئەم دروشمەوە دەزانی؟

ئەحمەد محەمەد - کەرکووک

لە ســاڵی ١٢٢٢دا بۆ یەکەمین جار دروشمێکی تایبەت بە بواری پزیشکی لە تابلــۆی دەرمانخانەکانی (بادوا)ی ئیتالیادا دەرکەوت، کە بریتی بوو لە مارێک کە بە دەوری دارێکدا پێچی خواردووە.
ئەم دروشمە یەکێکە لە سیفەتەکانی ئەسکۆلاب (خواوەندی پزیشکی لەلای ڕۆمانەکان) بەرە بەرە شــێوەیەکی ساکارتری وەرگرت و کرایە خاچێکی سەوز و ژمارەیەکی زۆری دەرمانخانەکان لە تابلۆکانیانی دەدەن.
لە ٢٩ی نیسانی ١٧٩٦ و لە گەرمەی شۆڕشی فەرەنساییدا بڕیار درا ڕەنگی یەخەی جلی دەرمانســازە سەربازەکانی فەرەنســا سەوز بکرێن و خاچە ســەوزەکە و مارە پێچاوپێچەکە لە ١٤ی تشــرینی یەکەمی ١٩٦٣دا بووە دروشمی فەرمیی دەرمانسازان.

## لەقوتووگرتنی خۆراک

تاریق فایق – دووبز

قوتوو یەکێکە لە داهێنانە ساکار و گرینگەکان و هۆکارێکی باشە بۆ پاراستنی خواردن لە تێکچوون.
سەرەتاکانی پیشەسازیی لەقوتووگرتنی خۆراک بۆ ساڵی ١٧٨٥ دەگەڕێتەوە کاتێ (پیتەر دۆراند) بیرۆکەی پاراستنی خواردنی لە نێو شووشەدا پێشــکەش بە شای ئینگلیز (جۆرجی سێیەم) کرد، بەڵام لەبەر ئەوەی نەیتوانی ئەو برە هەوایەی لە نێو شووشــە و قوتوودا دەمێنێتەوە دەربکا بیرۆکەکە سەرکەوتوو نەبوو.
بەڵام لە ســاڵی ١٨٠٤، کەســێکی فەرەنســایی بەناوی (نیکۆلاس ئیبێر) توانیی ئەم کارە بکا و، فاســوولیا و گۆشت و بەزالیای لە شووشــەدا هەڵگرت، دوای ئەوەی شووشەکانی خستە نێو ئاوی گەرمەوە بۆ دەرکردنی هەوای ناویان و دەمەکانیانی بە تەپەدۆر گرت.
هەرچەندە بیرۆکەکە باش بوو، بەڵام شووشە زوو دەشکا و زۆر جار ئەو خواردنەی ناوی دەڕژا.
ئــەوە بوو لە ســاڵی ١٨١٢دا (برایان دۆنکــن) و (جۆن هۆل) کە خەڵکی لەندەن بوون، لە جیاتی شووشــە قوتوویان بەکار هێنا کە لە مادەی قسدیر دروست کرابوون، کە مادەیەکە ژەنگ ناگرێ.
ئیتر لە ساڵی ١٨١٣ یەکەمین کارگەی لەقوتوونان دامەزرا. بەڵام لەبەر ئەوەی قوتووەکان ئەستوور بوون خەڵک ناچار دەبوون بە چەکوش لێی بدەن بۆ ئەوەی بکرێتەوە.
ساڵی ١٨٦٦ (ئوســتەر دات) توانیی جۆرە قوتوویەک داهێنێت کە کلیلێکی لە هەمان مادە لەگەڵدا هەبوو بۆ کردنەوەی.

## سوودی خواردنە «زیانبەخشەکان»

عەباس عەلی – تەقتەق

هەرچەندە ژمارەیەک پسپۆڕ پێیان وایە کە هەندێ جۆری خواردن زیانبەخشن، بەڵام توێژینەوە نوێکان پێشــانیان داوە کە ئەو خۆراکانە سوودی زۆریان هەیە کە لە زیانەکانیان زیاترن.
پەتاتە لە پێشەوەی ئەو خۆراکانە دێت، چونکــە زانایــان بۆیــان دەرکەوتووە ســوودی زۆری هەیە و دەوڵەمەندە بە توخمگەلێکی خۆراکی وەک پۆتاسیۆم و ریشاڵەکان، هەروەها گەرمۆکەی زۆری تێدا نییە وەک ئەوەی پێشــتر مەزەندە دەکرا.
یەکێکــی تر لــەو خۆراکانــە چوکلێتە، کە هەرچەنــدە چەوریــی تێدایە بەڵام ســەرچاوەیەکی دەوڵەمەنــدی مادەی دژە ئۆکســیداندنە کە مادەی ڕێگرن لە تووشبوون بە نەخۆشــیی شێرپەنجە، جگە لــەوەی هاوکاریــی بەهێزکردنی جوولەی خوێن لە نێو دەمارەکان دەکات و، تووڕەییش هێور دەکاتەوە



# پشووی حاجیلە

کوردستان محەمەد - کەرکووک



## هە لێبینە

- هەشت لاقەی دوو سەرە بەپێنج پیت ناوی بەرە. (قرژاڵ)
- ماڵی ئەحمەد پاشایە بەبێ پەنجەرە و دەرگایە. (هێلکە)
- مەلێکە هەیە لە دەشتێ، کەچە شیرەکی لە پشتێ. (دووپشک)
- مەڕی ماڵان لەبەر داڵان، نە دەدۆشرێ، نە دەفرۆشرێ. (مێرووله)
- سەری سەوزە بنی سوورە. (توور)

## ئایا دەزانی

- دەریای مردوو نزمترین شوێنە لەسەر ڕووی زەوی
- درێژیی سورێنچک ٢٥ سانتیمەترە
- نیل درێژترین ڕووبارە لە نیشتمانی عەرەبی
- تیشکی خۆر بە (٨) چرکە دەگاتە زەوی
- کیشوەری ئەفریقیا لە ٥٤ وڵات پێکهاتووە



## پەندی بەرینان



بەم وشەگەلە ئەم پەندانەی خوارەوە تەواو بکە

**مێ، برا، سوار، کەو، دیوار**

- ئەو....... من پیادە
- ...... برایە، بازار جیایە
- ڕۆستەم نێر بوو یان........
- شەن و....... دەکا
- کردی بە نەخشەی........

## وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە

چیمەن عەلی – کەلار

دڵی مرۆڤ لە چەند ژوور پێکهاتووە ؟
- دوو.
- سێ.
- چوار.

کاری سپڵ چییە؟
- دروست کردنی ئەنسۆلینز.
- دروست کردنی هیمۆگلۆبین.
- دروست کردنی خڕۆکەی سوور.

ژمارەی گیرفانەکانی کەپوو چەندن؟
- چوار.
- شەش.
- هەشت.

مولوولەکانی خوێن چەند بەشن؟
- یەک.
- دوو.
- سێ.

## بمرەنگێنە

لەرین – سلێمانی





## ڕامان

شیلان شەیدا – هەڵەبجە

ژمارەی پێویست لە شوێنی نیشانەی پرسیار دابنێ






## حەوت جاران ئەم ڕستەیە بڵێرەوە

٣ کەر ٣ جل ٣ جەوەنە ، چ کەر چ جل چ جەوەنە

زانا سەباح – کەرکووک



## دەرچوونی کۆوارەکان

شەوبۆ سەعدون – خانەقین

کۆواری تێگەیشتنی ڕاستی ١٩١٨
کۆواری زاری کرمانجی ١٩٢٤
کۆواری شەفەق ١٩٥٨
کۆواری هەتاو ١٩٥٤
کۆواری ڕووناکی ١٩٢٥
کۆواری سروە ١٩٨٥
کۆواری سپێدە ١٩٩٢
کۆواری مەتین ١٩٩١
کۆواری بانگی کورد ١٩١٤
کۆواری ڕزگاری ١٩٥٩
کۆواری حاجیلە ٢٠١٠

## قۆناخ بە قۆناخ وێنە بکێشە




نەجات عەبدوڵڵا – کەرکووک

## چاوتیژی

شیلان بەکر – کەرکووک



جوان لەم وێنەیە وردبەرەوە و بزانە چوارگۆشە سپی و ڕەشەکان لە قەبارەدا یەکسانن یان نا؟ لە چوارگۆشە ئاسۆییەکانیش وردبەرەوە و بزانە دەکەونە سەر یەک هێڵی ڕاستەوە و لە یەک ئاستدان یان نا؟ بۆ دڵنیایی خۆت ڕاستە بەکاربێنە.

## ئەریٚ تو دزانی؟!

ڤەژەن -دهۆک

- ب هێزترین گیانەوەر شێرە.
- وەفادارترین گیانەوەر سەیە.
- ب لەزترین گیانەوەر پڵنگە.
- جوانترین گیانەوەر بلبلە.
- هەژارترین گیانەوەر بزنە.
- فێڵبازترین گیانەوەر رویڤی یە.
- بڵندترین گیانەوەر زەڕافەیە.
- درێژترین گیانەوەر مارە.
- ب مفاترین گیانەوەر پەزە.
- زۆرترین گیانەوەر مێریە.

## تاقیکردنەوە

هەڵاڵە عومەر – هەڵەبجە

### ئاستی وشیاریی خۆت بزانە

ڕەنگەکانــی ئاڵای هــەر یەک لەم وڵاتانە بەرانبەریان بنووسە:

١- فرەنسا
٢- ئەڵمانیا
٣- سوید
٤- دانیمارک
٥- فینلاند





دەتوانیت بەشەکانی وێنە بڕاوەکە بدۆزیتەوە .

??????



نەجات عەبدوڵڵا – کەرکووک



دووانیان هاوشێوەی یەکن ، بیاندۆزەرەوە



## هونەری دەست

نەجات عەبدوڵڵا – کەرکووک



## بمگەیەنە

نەجات عەبدوڵڵا – کەرکووک




خاوەنی ئیمتیاز
**بەدران ئەحمەد حەبیب**
سەرپەرشتیار
**عوف عبدالرحمن**
سەرنووسیار
**حەمە سەعید زەنگنە**
٠٧٧٠١٣١٠٥٤٢
hamatal_ z@yahoo.com
جێگری سەرنووسیار
**نەبەز ڕۆستەم**
ڕاوێژکار
**ڕێواس ئەحمەد**
بەڕێوەبەری هونەری و نەخشەسازی
**پەروەر**
تایپ
**دلێر ڕەفیق**
ناونیشان
کەرکووک – شەقامی کۆماری
تەلاری صیدلی فخری

## وەڵامی ژمارەی پێشوو

ل ٣ — **مەتەڵ – ڕێشۆڵە**

ل ٣٠ — ڕامـان ، ئەوەی سـەرەوە کـۆ دەکەیتـەوە و لەوەی خوارەوەی دەردەکەی، واتە: ١٣-٩=٤

ل ٣١ — بیرکردنـەوە، کـۆی ژمارەکان دەکاتـە ٣٠ واتە چوار لای یەکەم ١٠ و ئەوی تر ٧

ل ٣٣ — شوێن ، (مەرگە)یە بزوێنەکە لابە دەبێ بە مەرگـ.

ل ٣٤ — جۆرج واشنتۆن

شـقاتە، تەڵێـک لە کۆیەکە هەڵدەگری دەیخەیتە ناو سفرەکەوە دەبێ بە ٨

ل ٣٦ — وشەی بزر :بەهێ

شیکاری ، هەنارە — کوێرکردنەوە، کوکوختی

ل ٣٧ — خەڵات، کونەپەپوو

ل ٣٩ — بیرکاری : بیست سەرنشین

## گەیاندن

ئەم هێڵانە بگەیەنە دەزانیت لە چ مێژوویەکدا شێخ مەحموود بوو بە مەلیکی کوردستان.

پەروا شەوقی – سلێمانی




تەنها ٥ جیاوازی لە نێو ئەم دوو وێنەیەدا هەیە..... دەتوانیت دەستنیشانیان بکەیت؟



پروشە جەبار – سلێمانی

## یاریی شقارتە

ڕۆژ دلێر – کەرکووک

جێگۆڕکێ بە یەک تەڵە شقارتە بکە تا ئەنجامی هاوکێشەکە بکاتە پەنجاو چوار .






## هاوبەشی

دلێر – چەمچەماڵ



لە نێوان ئەم دوو وێنەیەدا پێنج شتی هاوبەش هەیە.

## جێگۆڕکێ

جێگۆڕکێ بە دوو ژمارە بکە تا بە شاقووڵی و ئاسۆیی کۆی ڕیزەکان بکەنە ٢١

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 4 | 5 | 6 | 2 | 3 | 1 |
| 3 | 1 | 2 | 6 | 4 | 5 |
| 1 | 2 | 5 | 4 | 6 | 6 |
| 6 | 3 | 4 | 5 | 1 | 2 |
| 5 | 4 | 1 | 6 | 2 | 6 |
| 2 | 3 | 3 | 1 | 5 | 4 |

هێشو جوامێر – سەنگەسەر

## ئەم پایتەختانە هی چ وڵاتێکن بەڕانبەری بیاننووسە؟

دیار بەکر – خورماتوو

سۆماڵ، ئەتیوبیا، ڕواندا، کینیا، پۆلیڤیا، کۆلۆمبیا، ئیندۆنیسیا، هەنگاریا، ڤێتنام.

- مەقەدیشۆ
- ئەدیس ئەبابا
- کیگالی
- نایرۆبی
- لاپاز
- بوگوتا
- جاکارتا
- بۆدابێست
- هانۆی



## تەنیا سێگۆشەکان ڕەنگ بکە

جوان محەمەد – کەرکووک

## وشەی بزر

داستان محەمەد -کەرکووک

دوای ئـەوەی بە هێڵێکی ڕاسـت ئەم نێوانـەی لای خـوارەوە دەسـڕیتەوە، ناوێکت بۆ دەمێنێتەوە لە شەش پیتان پێکهاتووە و ناوی چیایەکە لە باشووری کوردستان:

کاوە، سەرهەنگ، سەکۆ، بەشێر، هونەر، هەڵمـەت، سـەمان، سـۆران، سـیروان، کاروان، کارزان، فەرمان، فەرهاد، دارا.

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| س | ک | ب | د | ا | ھ | ر | ە | ف |
| ە | ا | ە | س | س | س | ک | ک | ف |
| ر | و | ش | ە | ۆ | ی | ا | ا | ە |
| ھ | ە | ێ | م | ر | ر | ر | ر | ر |
| ە | ق | ر | ا | ا | و | و | ز | م |
| ن | ا | س | ن | ن | ا | ا | ا | ا |
| گ | ر | ە | د | ن | ن | ن | ن | ن |
| ە | ا | ک | ی | ر | ە | ن | و | ھ |
| ل | د | ۆ | ت | ە | م | ڵ | ە | ھ |

## کوێرکردنەوە

ئاژوو ئەحمەد-قەرەهەنجیر

دوای ئەوەی بە هێڵێک پیتەکانی نێوی ئەم گیانلەبەرانە کوێر دەکەیتەوە

تانجی. گـورگ. چەقـەڵ. سـەگ. کەمتیار

ناوی ئاژەڵێک دەمێنێتەوە لە چوار پیتان پێک هاتـووە بە فرت و فێڵ بەنێوبانگە.

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| گ | | ر | | ی | ت | ە | ا | ن | ی |
| گ | و | ڕ | ک | م | ت | ە | ا | ج | ی |
| گ | و | ر | چ | ە | ق | ە | ڵ | س | ی |

## شیکاری

تانیاوەلی -چەمچەماڵ

ناوی یەکێک لـە زنجیـرە چیاکانی کوردسـتانە. تـۆش وریـا و ژیربـە پاش شـیکار کردنی ئەم پرسـیارە بزانە ناوی چییە؟.

| | | |
|---|---|---|
| 8 | = | گ |
| 12 | = | ۆ |
| 9 | = | ژ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | = | 2 | + | 7 |
| | = | 3 | - | 15 |
| | = | 5 | + | 4 |
| | = | 6 | + | 2 |





## خەڵات

گیانەوەرێک لەنێو ئاودا دەژێت

هەرگیز نانوێ کامەیە؟

دوادەلیقە ٤/٢٥

## گوتەی نێوداران



- بە دەرزی دەتوانیت بیرێک هەڵبکەنیت — ناپلیۆن
- تەنیا گەمژەکان سووکایەتی بە ئەزموونی کەسانی تر دەکەن — بسمارک
- هەرکەسێک بەرێگەی ڕاستدا بڕوا سەرگەردان نابێت — گۆتە
- ئەگەر برسیتە دەست بە هیچ کارێ مەکە — ئەبقرات
- ڕیش فەیلەسووف دروست ناکات — ئیبن ڕوشد

عیدان جەلال-بەغدا

## وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەرەوە

١- لەکوێ بەڕێوەبەر دەکەوێتە پێش سەرکۆمار؟

٢- ئەو شتە چییە لەسەر ئاسمانە و لەژێر دەریایە؟

٣- مامۆستایەک بە قوتابییەکی گوت پێچەوانەی (نان)م دەوێت، مەبەستی چییە؟

٤- ئەو دەریایە لە کوێیە ئاوی تێدا نییە؟

٥- شتێک هەیە لە کاتی بارانباریندا دەکرێتەوە، چییە؟

«فەرهەنگ، خاڵ، نان، نەخشە، چەتر»

ڕێناز عوسمان – سەنگەسەر

## سودۆکۆ

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 2 | | | | | |
| | | | 6 | | 1 |
| | | 1 | 3 | | 4 |
| 3 | | 5 | 2 | | |
| 1 | | 3 | | | |
| | | | | | 3 |

نەوزاد مەجید-چەمچەماڵ

تۆری سۆدۆکۆ پێکهاتووە لە ٣٦ چوارگۆشەی بچووک و ٦ لاکێشەی گەورە. ئەوەی پێویستە لێرە لەسەر تۆ چوارگۆشەکان بەژمارە (١-٦) پربکەیتەوە بەمەرجێک هیچ ژمارەیەک لە ریزی ئاسۆیی و ستوونی لاکێشەکاندا دووبارە نەبێتەوە.

## بیرکاری

کاروان سابیر-کۆڕێ

گۆی زەوی لە کیشـوەر و ئۆقیانووسـەکان پێکهاتووە، ئەگـەر بزانیـت رووبـەری گـۆی زەوی ٥١٠ ملیـۆن کیلۆمەتری چوارگۆشە و کۆی رووبەری ئۆقیانووس و دەریاکان ٣٧٦ ملیۆن و ٣٠٠ هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشە بێت، ئایا دەزانی کۆی رووبەری کیشوەرەکان چەندە؟

## ماتماتیک

عەلی شێخ عومەر - کەرکووک

کیسەڵێک کەوتە ناو بیرێکەوە، قووڵیی بیرەکە ١٠ مەتر بوو، کیسەڵەکە هەوڵی ئەوەی دەدا لە بیرەکە بێتە دەرەوە، بە رۆژ ٢ مەتری دەبڕی و سـەر دەکەوتە سـەرەوە، بەشـەو یەک مەتر دەهاتە خوارەوە. پرسیار: ئایا بەچەند رۆژ سەر دەکەوێتە سەر بیرەکە؟

وەڵام: بە ٩ رۆژ چونکە لە ٨ رۆژدا تەنیا ٨ مەتر دەبڕێت و لە رۆژی ٩دا ٢ مەترەکە دەبڕێت و ئیتر خۆی لە دەرەوەی بیرەکەدا دەبینێ.

## تاقیکردنەوەی(١)

ناز کەریم-تەکیە

١- بـە پرگاڵێک بازنەیەک لەسـەر پارچە مقەبایەک بکێشـە، کە تیرەکەی ٢٠ سانتیمەتر بێت، پاشان شێوە بازنەکە بە مقەستێک ببڕە.

٢- بە پێنووسێک بازنەکە بکەرە ٨ بەشی یەکسانەوە.

٣- یەکێـک لە پارچەکان بە رەنگی سـوور رەنگ بکە، بەشـەکەی دوای ئەو بە سـەوز رەنگ بکە، بەشی سێیەمیش بە شـین. پاشان هەمان شت دووبارە بکەرەوە، تا هەموو بەشەکان رەنگ دەکەی. بەمەش ٣ پارچەی رەنگ سوور و ٣ پارچەی رەنگ سەوز و ٢ پارچەی رەنگ شینت دەست دەکەوێت.

٤- کونێک لە ناوەڕاستی بازنەکە بکە و پێنووسێکی تێ بئاخنە.

چی دەبینی؟

کاتێک مقەباکە بە خێرایی دەسووڕێتەوە، لە یەک کاتدا چاوت هەرسێ رەنگەکە دەبینێ، بەڵام مێشکت توانای جوداکردنەوەی رەنگەکانی نییە و تێکەڵیان دەکات و مقەباکە بە سپی دەبینی.



# پیشانگەی حاجیلە



ئەرفا مەهدی-کەرکووک







ژیرۆ ئەحمەد-قەرەهەنجیر



راشیار رەنجە-کەرکووک









محەممەد هیشام-کەرکووک

نور فەرهاد-کەرکووک



میدیا مەهدی-کەرکووک



